زانكۆی سەلاحەدین – هەولێر

Salahaddin University – Erbil

# فەلسەفەو ئاین لەلایەن ئیبین خەلدوون

**پرۆژەی دەرچوونە**

**پێشکەش بەبەشی ( فەلسەفە ) کراوە ،لە کۆلێژی ئاداب وەکو بەشێک لە پێداویستیەکانی**

**بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی**

**(فەلسەفە )**


**لەلایەن**

**ڕەیان سامی تقی الدین**

**بەسەرپەرشتی**

**م . ی بەدرخان عبدالله**


**هەولێر – کوردستان**

**٢٠٢٤**

(( شوێنکەوتنی داب و نەریت مانای ئەوە ناگەیەنێت کە مردووەکان زیندوون ،

بەڵکو مانای ئەوەیە زیندووەکان مردوون )) ئیبن خەلدوون

## سوپاس و پێزانین ...

- سوپاس و ستایش بۆ پەروەردیگار کەوا هەموو ئەو سەرکەوتنانەی لە ژیانمان پێی گەیشتوین بەفەزڵی ئەوە .
- سوپاس بۆ دایک و باوک و خوشک و براکانمان کە هەمیشە یارمەتیدەر بوون لە پرۆسەی خویندنمان .
- سوپاسی تایبەت بۆ مامۆستای سەرپەرشتیار ( م . ی بەدرخان ) کەوا بۆ ئامادەکردنی توێژینەوەکەمان ئەرکی زۆری کێشا و یارمەتیدەربووە .
- سوپاسی هەموو ئازیزانمان دەکەین کەوا بەیەک وشەش بێت هاوکارمان بوون بۆ زیادکردنی زانیاریەک بۆ توێژینەوەکەمان .

توێژەران

## پێشکەشە .........

- پێشکەشە بە دایک و باوکی ئازیزمان .
- پێشکەشە بە مامۆستا و یارمەتیدەرمان ( م . ی بەدرخان ) .
- پێشکەشە بە سەرجەم مامۆستایانی بەشی فەلسەفە .
- پێشکەشە بە قوتابیان بەگشتی و قوتابییانی بەشەکەمان بە تایبەتی .

توێژەران

## پێشەکی

چەمکی فەلسەفەلای ابن خەلدوون بابەتێکی زۆر هەستار و گرنگە . وشرۆڤەکردن لە ئاینی ئیسلام و هزری فەیلەسوفان سەبارەت بەم بابەتە زۆر واتا هەڵدەگرێت لەبارەی بۆچوون ابن خەلدوون تێکەڵکردنی فەلسەفە لەئەر ئاین ناکرێت لەم بارەیەوە لەلایەن ئاین دوو جۆر بیرورا هەیە .

یەکەم : بڕوابوون بەخوای گەورە وەکو ( اعتقاد ) واتا بروابوون بە هەموو سیفەتەکانی خودای گەورە و بڕوابوون بە ڕۆژی دوایی .

دووەم : هەڵسوکەوتی مرۆڤ ، ڕەوشت جوانی ، پەیوەندی کۆمەڵایەتی ، مافی خەڵک و دادپەروەری و یەکسانی بەڵام فەلسەفە پەیوەستە بەبیروورای خەڵک و ڕاوەستاوە لەسەر ژیرو زانین تاکو چەند ئەوەی لەسروشتدا بوونی هەیە لە ڕاستی و دروستی فەیلەسوفان لێکۆڵینەوە دەکات لەو ڕاستیە تاوەکو چەند ئەو حەقیقەتەبوونی هەیە بۆیە ابن خەلدوون زۆر تاکید دەکاتەوە کە بیروبۆچوونەکانی کە بیناکرایە لەسەر ئەقل تێکەڵ بە ئاین بکرێت زۆر خەتەر ناکات چونکە عەقلی مرۆڤ گۆرانی بەسەر دێت بەڵام ئەوەی لای خوای گەورە هاتووە جێگیرە وە گۆرانکاری بەسەردا نایەت مەگەر بە ویستی ئەو نەبێت ئەم بەشە پەیوەست دەکات پەلانی لێکۆڵینەوەکە بەسەر دوو تەوەر دابەش دەکرێت :.

### تەوەری یەکەم :. تایبەت بە ژیان و هزری ابن خەلدوون

**لقی یەکەم : ژیانی ابن خەلدوون .**

**لقی دووەم : هزری ابن خەلدوون .**

### تەوەرەی دووەم :. هۆکاری وازهێنان لەفەلسەفە بەرامبەر بەئاین .

**لقی یەکەم : هۆکاری وازهێنان لە فەلسەفە .**

**لقی دووەم : هۆکاری جیاوازی زاسنت لەسەر ئاین .**

## بەشی یەکەم

### تەوەرەی یەکەم

١- **گرفتی توێژینەوە** :. بێگومان گرفتی توێژینەوە بەگرنگترین هۆکاری توێژینەوە هەژمار دەکرێت بۆ ئەوەی هەژمار دەکرێت بۆ ئەوەی ئەنجامی توێژینەوە بخینەڕوو بەبێ دەست نیشان کردنی هۆکاری توێژینەوە ئەستەمە ئەنجامی توێژینەوە بخەینە روو گرفتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هزری بۆچوونی ئیبن خەلدوون بەرامبەر بە فەلسەفە ئاین بۆچی ئیبن خەلدوون ڕەخنە لەفەلسەفە دەگرێت بەرامبەر بە ئاین روونکردنەوەی فەلسەفە بەرامبەر بە ئاین و هۆکارانەی چین کاریگەری فەلسەفە لەسەر ئاین بۆچی ئیبن خەلدوون بەلایەنی خراپەکانی هزری فەلسەفە وەکو دووژمنێک سەیردەکات بۆچی فەلسەفە خەتەرناکە لەسەر ئاین ، ئایە هۆکاری کەمی زانستە لەسەر ئاین وە ئەو هۆکارانە چیین کە ئیبن خەلدوون بە دوور دەکرێت هزری فەلسەفە لەسەر ئاین ؟

٢- **گرنگی توێژینەوە** :. هەموو توێژینەوەیەکی فەلسەفی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە ، گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەسەرچاوە دەگرێت لەمیانەی توێژینەوەو گرنگی زانست تایبەتە بە فەلسەفەو ئاین ، لەوەرگرتنی زانیارو زانستی بیرمەند لە هەموو بوارە جیاجیاکانی زانست لە فەلسەفە و مێژوو و رامیاری یاسای وە هزری زانستی هاوچەرخ .

٣- **ئامانجی توێژینەوە** :. ئامانجی توێژینەوە :. ئامانج لە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە لەوەسەرچاوە دەگرێت ، لە میانەی خوێندنی فەلسەفە بەشێوەیەکی گشتی ، بۆچوونی ابن خەلدوون سەبارەت بە فەلسەفە لەسەر ئاین و کاریگەریەکانی خستنەرووی ئەو جیاوازە لەگەڵ هزری بیرمەندان . بەرامبەر بەهزرو بۆچوونی ئیبن خەلدوون کە زانایەکی بەهرەمەندە لەزانستی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری هو ئاین مێژوو دەست نیشان بکەین .

٤- **میتۆدی توێژینەوە** :. میتۆدی سەیرەو لەم لێکۆڵینەوەدا میتۆدی ( شیکاریە ) لە ڕێگای ئەم میتۆدە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە بۆچوونی ئیبن خەلدوون کاریگەری فەلسەفە لەسەر ئاین وە ڕەخنەکانی ئیبین خەلدوون بخەینە ڕوو .

**بەشی یەکەم**

**تەوەری دووەم / دیاریکردنی چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوە :.**

**١- فەلسەفە**

لەپێناسەکردنی چەمکی فەلسەفەدا چەندین پێناسەی جیاواز و زۆر بەرچاو دەکەون بۆیە فەلسەفە تاکە پێناسەی دیاریکراوی تایبەت بەهۆی نییە لەبەر ئەوەی هیچ یەکێک لەفەیلەسوفەکان بیروباوڕیان وەک یەک نەبووە هەر فەیلەسوفێک بەپێی بیرو ڕاو سەردەم و شێوازی ڕێبازەکەی خۆی پێناسەی بۆ فەلسەفەکردووە بۆیە توێژەر هەوڵدەدات چەند پێناسەیەک لەسەر چەمکی فەلسەفە بخاتە پێش چاومان وەک ئەمانەی خوارەوە :.

– فەلسەفە ژیری نییە بەڵکو عیشقە بەژیرو فەیلەسوف پەیوەستە بە ژیری بەدوای ژیری و دانایدا دەگەرێت فەلسەفە پرسار لەبوون دەکات لە زانست و بەو شتانەی بوونیان هەیە فەلسەفە ڕۆیشتنی درێژخایەن و بەردەوام لەڕێگابوون دایە .

فەلسەفە لە لقە تایبەتەکانی زیانیارییەکانی مرۆڤ ( کۆمەڵە نووسەر ، ٢٠١٦ ، ٥ )

– هەروەها گەربێین لەروی زاراوە پێناسەی فەلسەفە بکەین :. \ووشەی فەلسەفە ووشەیەکی یۆنانییە لەدوو برگە پێکهاتووە .

| | | |
|---|---|---|
| فیلۆ | philo | ( بەواتای حەزکردن ) |
| سۆفیا | sophy | ( بەهواتای دانای ) |

کە بووە وشەکە بە هەردوو کەرتیەوە مانای حەزکردن لە دانایی دەبەخشێت ئەو کەسەش حەز لەدانای بکات پێی دەگوترێت فەیلەسوف . ( عزیز . ٢٠٠٨ ، ١٨ )

– لەپێناسەیەکی ترجا بۆ چەمکی فەلسەفە هاتووە کە فەلسەفە زانستێکی ڕادیکاڵیە لەبەر ئەوەی لە ڕێشە دەکۆڵێتەوە لەفسەفە فەلسەفە تەشەنە دەکات لایەنە شاراوەکەی ڕاستیەکان و لەبنەماکان دەکۆڵێتەوە بەلێکدانەوەی لاوەکی ڕازی نابێت دەکرێت بڵێن فیلەسوف ناڕازایەکی هەمیشەییەکە ئەو هیچ کاتێک بە لێکدانەوەی کلێشەدارەکان نابێت دەتوانین بڵێن ئەو وەک منداڵێک وایە کە بەردەوام دەپرسێت بۆچی ؟ فەیلەسوف بە هەمان ڕادەی کە لەبەرامبەر شتە نائاساییەکان توشی سەرسوڕمان دەبێت . ئێمە هەمووومان دەبینین خۆر چۆن ئاوا دەبێت . بەلأم فەیلەسوف لەوەدا توشی سەرسورمان دەبێتەوە ئایە یاسای زەرووڕەت بەسەر سروشتدا زاڵە . ( د. کاکی ، ٢٠١٣ : ٣٣ )

فەلســەفە جیهانینیــەکی زیرەکیــە چالاکیــە تیۆریــە لەڕێگــەی بیرکردنــەوەو ســەرنجدانی هۆشــیارانەی ڕێبازەکەیەوە هەوڵدەدات جەوهەرو ڕاستەقینەی شت نەک ڕواڵەت دوا هۆتەک هۆی نزیکیشی قەومانی شـت بزانـێ وەلامـی ئـەو پرسـیارانە و کێشـانە بدۆزێتـەوە وەک لەبەسـەرهات و ڕووداوەکـانی ژیـان دەکەوتـەوە وەک گـرێ کـوێرەو کۆسـپ دێتـە بـەرچاو یـاخود هـەر ئـەبی وەک پاکانـە لێکیـان بداتـەوە . ( عزیز ، ٢٠٠٤ : ٩ )

## ٢- فەلسەفەو ئاین

فەلسـەفەی ئـاین تـاوتێکردنی دیـاردەی ئـاین و بـاوەڕە بەشـێوەیەکی فەلسـەفیانە واتـا جـەخت لـە ئـاین و پێکهێنەرەکانی وەک دیاردەیەکی مێژووی و مرۆیی کۆمەلایـەتی و کلتوری دەگرێتـەوە بۆ چییـە تایبـەت نییـە بەباسـکردنی هـیچ ئـاین و بیروبـاوەڕێکی دیـاریکراو بـەڵکو بەشـێوەیەکی گشـتی دەستنیشـانکردنی سروشت و پێکهاتەی یاوەرو زمانی ئاینی دەکاتە بەرپرس و شرۆڤەکاری .

## لەروی زاراوە /

زاراوەی فەلسەفی ئاینی لەسەدەی نۆزدەوە بۆ دەربرین و ڕەخنەگرتنی ئاگایی ئایانی زمـان و هەسـت و ڕێوەسمەکانی بەکاردێت لەڕووی مێژوویشەوە زاراوەکە ئاماژەبوون بۆ دوو پاڵنەر .

**یەکەم** / خودا یان هەر بابەتێکی ئاینی پەیوەندیان بەبیرکردنەوەو ڕەفتارو هەستەکانەوە .

**دووەم** / ئاماژەیـە بەلایـەنی مرۆیـی و ئایینـەوە واتـا ڕەهەنـدە مرۆییەکـەی ئـاین کەلەهەسـت و ڕەفتـارو هەڵسـوکەوتەکانی مرۆڤـدا دەینرێتـەوە لای زۆربـەی فەیلەسـوفەکان فەلسـەفە ئـاین بەشـێک بـووە لـە پرۆسەیەکی گەورەی فەلسەفەیی . ( جەمال ، ٢٠١٦ : ٣١ )

فەلسـەفەی ئـاین دیسـپلتێکی فەلسـەفیە هەوڵـدەدات دیـاردەی ئـاین بخوێنێتـەوە ئـەم ڕێبـازە لـەڕێگای خوێندنـەوەی ئایتـەکان لەبنـەڕەتی دیـاردەی ئـاین دەکۆڵێتـەوە . فەلسـەفەی ئـاین یەکێکـە لەبەشـە سـەرنج ڕاکێشـەکانی بـواری فەلسـەفە ، فەیلەسـوف و دەرونناسـی ئەمـەریکی ( ولیـام جـیمس ) دەڵێـت فەلسـەفە هـەوڵی ئـەوەدەدات کـە حەقیقـەتی ئـەزمونی ئـاینی ئاشـکرا بکـات هێنـدەی ئـەوەی کـە هەوڵـدەدات بـەردی بناغەی ڕەخنەگرتن دا چەقێنێت و ئاین لەو درک و داڵەی شێی ئالاوە و ئەو تەپ و تۆزەی لێی نیشتووە خاوێن بکاتەوە . ( قەزا ، ٢٠١٠ : ٢٢ تا ٢٤ )